**هەرێمی كوردستان عێراق**

**سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**

**بەڕێوەبەرایەتی یاسا**

## رێنمایی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠٠٢

## دەربارەی چاپ و بلاوكردنەوەی رۆژنامەو گۆڤار و كتێب

بە پێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (١٦) یاسای چاپەمەنی هەرێمی كوردستان ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٩٣ بڕیارماندا :

بە هەڵوەشاندنەوەی رێنمایی ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٥ كە لەم وەزارەتە دەرچووە ، ئەم رێنماییەی خوارەوە بە رێنمایی ژمارە (٨) بۆ ساڵی ٢٠٠٢ جێگەی دەگرێتەوە .

١) هەر عێراقیەك كە لە سنووری هەرێم نیشتەجێیە بۆی هەیە ببێ بە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر .

٢) ئەوەی دەیەوێت دووبارە لە كوردستان رۆژنامەو گۆڤار چاپ بكاتەوە دەبێت بە پێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٩٣ مۆڵەت وەربگرێ.

٣) ئەگەر داواكار حزب یان دەزگا یان كۆمپانیا بوو ، دەبێت مۆڵەتەكەی لە گەڵ پەیڕەو و پرۆگرامەكەی پێشكەش بە وەزارەتی رۆشنبیری بكات و لەو كاتەدا دەكرێ خاوەنی ئیمتیاز حزبەكە یان رێكخراوەكە یان دەزگاكە یان كۆمپانیاكە بێت و دەبێت بە نووسراو سەرنووسەر دیاری بكەن .

٤) ناوی خوازراو (مستعار) بەكارناهێنرێت نە لە داواكاری مۆڵەت نە لەسەر لاپەرەی یەكەمی رۆژنامە یان گۆڤار ، ئەمە تەنها خازوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر دەگرێتەوە .

٥) بە پێی رەزامەندی وەزارەتی دارایی‌و ئابووری ژمارە (٦٧٩٥) لە ١٩٩٨/٨/١٠ و ژمارە (٣٤٠٣) لە ٢٠٠٢/٧/٢٧ دەبێت هەموو گۆڤار و رۆژنامەیەك (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار رەسمی مۆڵەت و ساڵانە بۆ :

| | |
|---|---|
| رۆژنامەی رۆژانەو هەفتانەو گۆڤاری هەفتانە | ٣٠٠٠ دینار |
| رۆژنامەو گۆڤاری دوو هەفتە | ٢٥٠٠ دینار |
| رۆژنامەو گۆڤاری مانگانە | ٢٠٠٠ دینار |
| رۆژنامەو گۆڤاری وەرزی | ١٥٠٠ دینار |
| رۆژنامەو گۆڤاری شەش مانگ و ساڵی جارێك | ١٠٠٠ دینار |

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

بداته بەڕێوەبەرايەتى گشتى راگەياندن بە وەصلى (محاسبه ٣٧أ)

٦) دەبێت خاوەنى ئيمتياز (ئەگەر كەسێك بوو) و سەنووسەر رەگەزنامەى عێراقى (الجنسيه العراقيه) ، (دفتر نفوس) لە گەڵ داواكردنى مۆڵەتدا پێشكەش بكات.

٧) هــەموو گۆڤــار و رۆژنامەيــەك كــە چــاپ دەكــرێ دەبێــت چــاپخانەكە (٥) دانــە بــۆ بەڕێوەبەرايەتى گشتى راگەياندن بنێرێت ، بە پێچەوانەوە (٥) ، دانەكە لـە بـازاڕ دەكڕێـت ، لە كاتى نوێكردنەوەى مۆڵەتەكەى هەموو پارەكەى لێوەردەگیرێتەوە .

٨) هەر كەتێبێك كە چاپ دەكرێ دەبێت چاپخانەكە (٥) دانـە بنێـرێ بـۆ بەڕێوەبەرايـەتى گشتى رۆشنبيرى و هونەر .

٩) هەر رۆژنامە و گۆڤارێك ماوەى دەرچوونەكەى گۆڕى ، دەبێت بـە ئاگـادارىو رەزامەنـدى وەزارەت بێت .

١٠) نابێ سەرنووسەرى دوو رۆژنامە يان دوو گۆڤار هەمان كەس بن.

١١) نابێ دوو رۆژنامە يان دوو گۆڤار ئەگەر سەر بە بە دوو لايـەنى جيـاواز بـن هــەمان ناويـان هەبێت .

١٢) هەر چاپخانەيەك پابەند نەبێت بـە ياسـاو رێنماييـەكان ، مۆڵەتەكـەى هەڵدەوەشـێتەوە ، هەر كاتێ پابەند بووەوە دەتوانێ داواى مۆڵەتى نوێ بكات.

١٣) لەسەر دەزگا پەيوەندى دارەكان پێويستە ئەم رێنماييە جێبەجێ بكەن .

١٤) كار بە هيچ رێنماييەك ناكرێ كە لە گەڵ ئەم رێنماييانە ناكۆك بن .

١٥) ئەم رێنماييانە جێبەجێ دەكرێت لە رۆژى بلاْوكردنەوەى لە وەقايعى كوردستان .

**محمود محمد محمود**

**وەزيرى رۆشنبيرى**

ئـــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com